# راوێژکاریی بۆ پەنابەرانی هاوجینسخوازی ژن، پیاو، دوو جینسە و جینسیەت گۆڕدراو (LGBT) لە سکۆتلەند

ئاپریلی 2011

LGBT – Kurdish Sorani

HAPPY TO TRANSLATE

ئیمە بۆ جۆراوجۆری بایەخ دادەنین و لەگەڵ هەموو کەسێ عادڵانە، بە رێز و حورمەتەوە هەڵسوکەوت دەکەین.
بەداخەوە، هەندێ کەس بە هۆی حەزی جینسی یان جینسیەتی (شوناسی جینسی) خۆیان بە دەست جیاوازیدانان (هەڵاواردن) و/یان ئازار و زەجر لە رەنجدان. ئەگەر بەهۆی هاوجینس خوازی، دوو جینسیەتی یان گۆڕانی جینسیەت (LGBT) کەوتوونەتە بەر جیاوازیدانان، ئازار و زەجر یان بەدواداچوون و بە مەبەستن لەسەر ئەم بنەمایە داواکاریی پەنابەریەتی بکەن لە نێو سنووری یەکیەتی پاشایەتیدا، ئەم بڵاڤۆکەی سەبارەت بەو ناوەندانەی کە دەتوانن یارمەتی، راوێژکاریی و زانیارییان لێ وەرگرن زانیاریی پێشکەش دەکات.

کۆنڤانسیۆنی پەنابەران 1951 دەڵێت:

*"هەر کەسێ کە - بە هۆی ترسی بەتەواوەتی پاساودار لە کەوتنە بەر بەدواداچوون بەهۆی رەگەز، ئایین، نەتەوە، ئەندامەتی لە گروپە کۆمەڵایەتیەکانی تایبەت یان هەبوونی باوەڕێکی سیاسی لە دەرەوەی وڵاتی زێدگەی خۆی دایەو ناتوانێت خۆی بخاتە ژێر پشتگیریی ئەو وڵاتە یان بە هۆی ترس و نیگەرانی سەرەوە نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو وڵاتە"*

تا ماوەیەک لەمەوبەر، کەسانی هاوجینسخواز، دووجینسی و جینسیەت گۆردراو (LGBT) بە سەختی دەیانتوانی بیسەلمێنن کە راهاتوون لەگەڵ پێوەرەکانی سەرەوە لەبۆ داواکاریی پەنابەریەتی لە نێو سنووری یەکیەتی پاشایەتیدا. لە 7ی جولای 2010 دا دادگای بەرزی وڵات (Supreme Court) لە بڕیارێکی بەکۆمەڵدا (حوکم) - *HJ (ئێران) و HT (کامێرون) لە دژی وەزیری ناوخۆ [2010] UKSC 31 – رایگەیاند ئەگەر کەسانێ بە هۆی حەزی جینسی خۆیان کەوتبێتنە بەر بەدواداچوون، وەزارەتی کاروباری دەرەوە مەجبوورە کە ئەوانە بخاتە بەر پشتگیریی خۆی. ئەم حوکمە راستەوخۆ کەسانی جینسیەت گۆڕدراو لەبەرناگرێت، بەڵام دەتوانێ بۆ ئەوانەش بەکەڵک بێت. زانیاریی تەواو لەسەر ئەم حوکمە لەسەر ماڵپەڕی دادگای بەرزی یەکیەتی پاشایەتی هەیە:*

http://www.supremecourt.gov.uk/docs/UKSC_2009_0054_Judgment.pdf

***ئەم حوکمەی دەرچوو لەلایەن دادگای بەرزی وڵاتەوە چ واتایەکی بۆ کەسانی هاوجینسخواز، دووجینسی و جینسیەت گۆڕدراو (LGBT) هەیە؟***

ئەگەر بە هۆی حەزی جینسی یان شوناسی جینسی خۆتان بە دوای پارێزگاریەوەن، ئێستاکە یاسایەکی بەرباسی تر هەیە کە دەتوانێت بەکەڵک بێت. گرنگە کە لە بیرتان هەبێت وێرای ئەوەی کە لەمپەڕەکانی داواکاریی پەنابەریەتی لە سەر بنەمای ئەم بابەتانە لە نێو چوون، بەڵام بە پێویست پەنابەریەتی لە نێو سنووری یەکیەتی پاشایەتیدا پێتان نابەخشرێت.

بەپێی بڕیاری دادگای بەرز، نابێت لە پەناخوازانی هاوجینسخواز چاوەڕوانی بکرێت بە شاردنەوەی حەزی جینسییان، لە خۆیان پارێزگاریی بکەن بە هۆی بەدواداچوون لە وڵاتی زێدگەی خۆیاندا. ئەم حوکمە کارەکەی دژوار کردووەتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ لە

پێوەندی لەگەڵ هۆهێنانەوەی ئەوەی کە ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی زێدگە و ئەو ڕاستیەی کە ئێوە هاوجینسخوازێک، دووجینسی یان جینسیەت گۆڕدراون بشارنەوە، لە ئەماندا دەبن.

ڕێکەوتننامەی بەتەواوەتی بەکۆمەڵی ئێستاکەی یەکیەتی پاسایەتی کە لە 20ی مەی 2010 دا بڵاو کرایەوە، بریتییە لەو بابەتەی خوارەوە:

"ئێمە لێرە بەدواوە ئەو پەناخوازانەی کە هەندێ وڵاتی تایبەتیان بە هۆی کەوتنە بەر مەترسی سەلمێندراوی بەندیخانە، ئەشکەنجە یان لە داردان بەهۆی حەزی جینسی یان شوناسی جینسی خۆیان بەجێهێشتووە، دەرناکەین."

**ئەگەر بەهۆی *هاوجینسخواز، دووجینسی و جینسیەت گۆڕدراو* (LGBT) لە وڵاتی خۆمدا بە تاوانی حەزی جینسی یان شوناسی جینسی کەوتوومەتە بەر بەدواداچوون، دەبێت چ کارێک بکەم؟**

ئەگەر بەهۆی حەزی جینسی یان شوناسی جینسی خۆتان کەوتوونەتە بەر بەدواداچوون، دەبێت:

- لە یەکەمین **هەلی ڕەخساودا بابەتەکە** بە وەزارەتی ناوخۆ ڕابگەین. وێرای ئەوەی کە قسەکردن لەمبارەوە سەختە، بەڵام ئەگەر پێیان ڕانەگەین، ڕەنگە گومان لەسەر ڕاستی یان بڕواداری وتەکانی ئێوە بێتە پێشێ، کە بۆخۆی دەتوانێت کاریگەری ناخۆشی هەبێت لەسەر داواکاریی پەنابەریەتی ئێوە.
- ئەم بابەتە لەگەڵ ڕاوێژکارێکی جێی بڕوا و باوەڕپێکراو وەک یەکێک لە یارمەتیدەرانی کۆمەڵایەتی ئێمە، ڕاوێژکارێک لە ڕێکخراوێکی تر یان پارێزەری یاسایی خۆتان بهێننە ئاراوە. ڕاوێژکاریی ئێوە بۆ یارمەتیدانی ئێوە چالاکی دەنوێنێت و قسەکانی ئێوە بە نهێنی دەزانێت. هەروەها، ئەم ڕاوێژکارانە دەتوانن دیکەی ئەو پسپۆڕانەی کە دەتوانن یارمەتیان لێوەرگرن بە ئێوە بناسێنن.
- پارێزەرێکی شارەزا لە بواری دۆسیەکانی هاوجینسخوازی، دوو جینسی یان جینسیەت گۆردراو (LGBT) بدۆزنەوە یان هەڵبژێرن. ئەگەر لەم بوارەدا ئەزموونێکیان نەبێت، دڵنیا ببنەوە کە لە یاسای بەرباسی شرۆڤەکراو لە سەرەوە ئاگادارن.

**چ کەسێک دەتوانێت یارمەتی من بدات؟**

**دامەزراوەکانی پەنابەریەتی و گروپە دڵخوازەکان**

دامەزراوەکانی پەنابەریەتی وەک ئەنجومەنی پەنابەرانی سکۆتلەند و دیکەی گروپە دڵخوازانەکان – بریتی لە ڕێکخراوەکانی هاوجینس خوازی، دوو جینسی یان جینسیەت گۆڕدراو (LGBT) – دەتوانن بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی و پشتگیریی پێویستتان یارمەتیتان بدەن. ئەم پشتگیریە دەتوانێت بە شێوەی یارمەتیدانی ئێوە بۆ لەبەردەستدابوونی گروپەکانی پشتگیریی یاسایی، تەندروستی یان کۆمەڵایەتی بن. ئەوان هەروەها دەتوانن بۆ نموونە ئەگەر بەهۆی ئازار و زەجر یان هەڵاواردن لە شوێنی نیشتەجێ بوون یان ماڵی خۆتان لە ڕەنجدان، یارمەتیتان بدەن.

ئەم دامەزراو و گروپانە لە هەرێمی تاکەکەسی ئێوە ڕێز دەگرن و زانیاریی پێوەندیدار بە ئێوە لەگەڵ هیچ کەسێک ناهێننە ئاراوە، مەگەر ئەوەی کە ئێوە بۆخۆتان لەگەڵ ئەم کارە ڕێکەوتبێتن. ڕێزگرتن لە هەرێمی تایبەتی زمانوەرگێڕەکانیش لەبەر دەگرێت؛ ئەوان دەبێت کاری شارەزایانە بکەن و زانیاریی پێوەندیدار بە ئێوە بە کەسێکی تر نەدەن. ئەگەر هەست دەکەن قسەکردن بە تەلەفون بۆتان ڕەحەتترە دەتوانن داواکاریی وەرگێڕی تەلەفونی پێشکەش بکەن.

ریزبەندی دیکەی ماڵپەرە بەکەڵکەکان بریتین لە:

**Equality Network**

www.equality-network.org/Equality/website.nsf/home?OpenForm

**LGBT Youth Scotland**

www.lgbtyouth.org.uk

**Stonewall Scotland**

www.stonewall.org.uk/scotland

**Scottish Transgender Alliance**

http://www.scottishrefugeecouncil.org.uk/contact

**UK Lesbian and Gay Immigration Group**

32-36 Loman Street, London, SE1 0EH

تەلەفۆن: 0207 922 7811

http://www.uklgig.org.uk/asylum.htm

**راپۆرتی ئازار و زەجر**

پۆلیسیش بۆ پشتگیریی لە کەسانی هاوجینسخواز، دوو جینسی یان جینسیەت گۆڕدراو (LGBT) زۆر کاریگەری هەیە. ڕەنگە بتانەوێت لەگەڵ ئەفسەری پێوەندیدەری LGBT لە پەیوەندیدا بن.

ئەگەر ناتوانن یان ناتانەوێت ڕووبەڕوو لەگەڵ پۆلیس قسە بکەن، دەتوانن لە گەلاڵەیەکی راپۆرتی کەسی سێهەمی نهێنی کەڵک وەرگرن. ئەم گەلاڵەیە ڕێگەتان پێ دەدات کە بابەتەکانی ئازار و زەجر بۆ دڵخوازێکی فێرکراو لە دامەزراوەیەکدا وەک ئەنجومەنی پەنابەریەتی سکۆتلەند (0800 085 6087) راپۆرت بکەن. دڵخوازی ئاماژەپێکراو هەموو ئەو زانیاریانەی کە پێشکەشتان کردووە تۆمار دەکات و پاشان ئێوە دەتوانن بڕیار بدەن لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەی کە داخوا دەتانەوێت پۆلیس لێبکۆڵێتەوە یان نا.